# کرێکارنی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە کام ڕێگا هەڵئەبژێرن؟

**زمناکۆ عەزیز**

پاش نزیکەی ساڵێك بەسەر مانگرتنی خوێناوی کرێکارانی کارگەی تاسڵوجە، کە زیاتر لە 13 کرێکار خەڵتانی خوێن کرانو تائێستاش ژمارەیەك لەبریندارەکان برینەکەیان سارێژ نەبووەو، بکوژو دەستدرێژیکەران هیچ لیپێچینەوەیکیان لەگەڵ نەکرا، جێگەی خۆیەتی کە ئاوڕێك لەڕابردوو بدەینەوەو بزانین پاش ئەو مانگرتنە کرێکاران چ دەستکەوتێکیان بەدەست هێنا؟ حەوافزەکان تاچەندخەرج ئەرێن؟ بەشی کرێکاران لەقازانجی ساڵانە چەندە؟ سەعاتی کاری کرێکارانو ئیزافەکاری چەندی بۆ خرج ئەکرێت؟ سەرەنجام ئەوەی کە لەپێناویدا مانگرتن بەرپا کرا چەندی جێبەجێکرا؟

دیارە کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە وەك باقی کارگەکانی تری عێراقو دنیا، هەروا بەئاسانی مل نادات بە خواستو داواکاریو پێداویستیەکانی کرێکاران، چونکە خودی ڕێڕەوی سەرمایە ئەم کارو کردەوەیە لەسەرمایەدارانو خاوەن کار ئەخوازێت. یەکێك لە سیاسەتە دژە کرێکاریە باوەکانی دنیا ئەوەیە کە مل بەخواستی کرێکاران نەدرێتو تا دوایین جوڵە، لەگەڵیان گفتوگۆو دانوستان بەقازانجی کەڵەکەی سەرمایە بکرێتو هەوڵبدرێت خواستەکان پەرتەوازە بکرێنو ڕیزی یەکگرتوی کرێکار لەبەریەك هەڵبوەشێنرێتەوە، وە هەرچیەك کەبکرێت لە وەسائلی هەڕەشەکردنی نان برینو دەرکردنو زیندانی کردن... بەکار ببرێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە.

بەڵام ئەی خودی ڕابەرانی کرێکاران لەبەرامبەردا چی ئەکەن؟ چۆن مەسەلەی مافو بەرژەوەندییەکانیان ئەکەنەوە بە سەر لەوحەی مەسەلەکان؟ چۆن هەوڵەکانی ئیدارە شکست پێئەهێننو ڕیزێکی یەکگرتووی کرێکاران بۆ فەرزکردنی خواستو داواکارییەکان ئەهێننە مەیدانەوە؟ چی بکەین؟

کرێکاران بەهۆی نەبونی پێوانەیەکی ئینسانیو دروست کە مافەکانیان بپارێزێت بەرلە چەند مانگ دەستیان دایە مانگرتن، خواستەکان بریتی بوون لە بەرگرتن لە دەرکردنی کرێکارانو بێکار کردنیان، خەرج کردنی حەوزافزەکانو قازانجی ساڵانە بەپێی ستانداردی ساڵانی پێشوو، لابردنی جیاوازی لەنێوان کرێکارانی عەرەب زمانو کورد زمان. ئەم کارگەیە لەلایەن ئیدارەی سلێمانیەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ دراوەتە کۆمپانیای ئۆراسکۆمی میسری و ئەمنیەتەکەیشی دراوەتە کۆمپانیایەکی ئەمنی کوردی، کە نە ماوەی بەکرێدانی زانراوە، وە نە کرێکەی ڕاگەیەنراوە، وەنە معلومە کە ئەم کۆمپانیا ئەمنیە کوردیەی کە تاونبارن بە تەقەکردن لەکرێکاران و بەملیۆن دۆلار پارەی بۆ براوەتەوە، لەسەر چ بنەمایەكو لەسەر بنچینەی کام پەیوەندی ڕاگەیەنراو دامەزراوەو ئەمنیەتی ئەم کارگەیەی پێسپێردراوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری هاوشێوە کە وەڵامەکانیان شاراوەنو ڕانەگەیەنراون.

کەواتە کرێکاران بەغەیری درێژەدان بەهەمان شێوازی خەباتکارانەی پێشوو چ ڕێگایەکیتریان هەیە تا بیگرنە بەر؟ بێگومان هیچ، کەوایە ئەبێت بەبەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو لێکدراوەوە جارێکیتر دەستبکەینەوە بەناڕەزایی دەربڕینو مانگرتن، خواستەکان بەڕۆشنیو لەلایەن ڕابەرانی کرێکارانەوە بنوسرێتەوەو بەئاگاداری سەرجەم کرێکارانی کارگە بگەیەنرێتو پشتیوانی کرێکارانی بۆ ڕابکێشرێت، پاشان لەکۆبونەوەی گشتی کرێکاراندا ڕابگەیەنرێنو لەڕێگای نوێنەری کرێکارانەوە خواستەکان بدرێنە دەست ئیدارەو چاوەڕوانی وەڵامی دەست بەجێیان بن. ئەگەر وەڵام بەجۆرێك بوو کە لە بەرژوەندی کرێکاراندا نیە، ئەوا دیسانەوە ئاکامی گفتوگۆکان لەکۆبونەوەی گشتیدا بەکرێکاران ڕابگەیەنرێتو، کار بکرێت بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتنی سەراسەری لەسەرجەم بەشەکانی کارگەدا.

دیارە ئەم کارە ئەبێت پێشتر لەئاستی کۆمەڵگادا ڕابگەیەنرێتو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان لەدەرەوەو ناوەوەی عێراقوکوردستانی لێئاگادار بکرێتەوە. بەم شێوەیە ئەکرێت هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کرێکاران دیاری بکرێتو ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت.